# ڕۆڵی شاعیرانی ژن لەگەشەی شیعری کوردی کەرکوک دا

**پ د محەمەد ئەحمەد سەعید**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی زمان**
**بەشی کوردی**

پێشەکی

ئەم تۆژینەوەیە بەو ناونیشانەی سەرەوە تۆژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە ،کەکورتەیەک لەبزاڤی ڕۆشنبیریی وئەدەبی بەتایبەتی شیعریی ژنان لەشاری کەرکوک ئەخەینەڕوو،کەرکوکیش وەک یەکەکارگێڕییەکەی سالآنی سەدەی ڕابردوو کەپێکهاتبوولەناوەندی شاری کەرکوک و شارەکانی دووزخورماتوو وکفری وچەمچەماڵ لەم کارەماندا شەش شاعیری ژنمان وەرگرتووە کەبەشیعرەکانیان بوونەبەشێک لەبزووتنەوەی شیعریی لەکەرکوک وپێشخستنی بزاڤی شیعریی ئەوشارە،کەئەم پۆلەشاعیرەن .

نەجیبە ئەحمەدحەکیم ومەهابادقەرەداغی وچنارنامیق وهێرۆکوردەو شنۆئەحمەدغەفور و کۆچەرئەبوبەکرن

تۆژینەوەکەش لەدوو تەوەر پێکهاتووە لەتەوەری یەکەمدا تیشک خراوەتەسەر کورتەیەکی مێژوویی وبارودۆخی سیاسی وڕۆشنبیریی وئەدەبی ئەوشارەو هەروەها مێژووی بوونی شاعیرانی ژن وڕۆڵیان لەئەدەب ومێژوودا.

لەتەوەری دووەمیشدا تێکستی شیعری ئەوپۆلە شاعیرەژنەی کەرکوکمان کردووەبەنمونە لەبارەی بابەتی وەک خودێتی وفیمینزمی وئەنفال و هەندێ ڕوانین لەباری یەکێتی بابەتەوەە لێکدانەوەوشیکاریمان بۆدەقەکان کردووە بەوهیوایەی مشتێکمان خستبێتەسەرخەرمانی ئەدەب ورەخنەی کوردیمان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تەوەری یەکەم

کەرکوک وەک شاریکی کوردستانی کۆن ودێرین بەدرێژایی دەورو ڕۆژگارولەقۆناغە مێژووییەجیاجیاکانیداهەمیشەگرنگی وتایبەتمەندێتی خۆی هەبووە،بەوەی کەلەکوردستاندا هەڵکەوتەیەکی جوگرافیایی گرنگی هەبووە لەئاشتی وئارامی ناوچەکەدا ڕێگای بازرگانی نێوان ئەستەمبوڵ هەرێمەکانی ئێران ورۆژهەڵت بووە لەقۆناغەکانی شەڕو ململانێدا بۆ دەسەڵات وحکومەتەکان ڕێگای لۆجیستیکی وسەربازی بووە،بۆئابوریش خاوەن خاکێکی بەفەڕە کەوای کردووە سامانێکی یەکجار زۆروزەوەندی کشتوکاڵی تێدا بەرهەم بهێنرێ ،هەم لەم سەردەمەی دوواییدا واتە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سامانی نەوتی تیا دۆزرایەوە بووە مایەی بایەخ پێدان ودەرکەوتنی ناو وشۆرەتی لەباری ئابورییەوە، ئەمانەو چەندین فەکتەری تر بووە مەیدانی ململانێی نێوان دەوڵەتەزلهێزەکان و وڵاتانی دەوروبەر کەهەموولەپێناو کۆنترۆڵکردنی شارەکەو ناوچەکەدابووە بەدوایداماڵوێرانی ومەینەتی لێکەوتوەتەوە هەم شارەکەو هەم دانیشتوانەکەی کەزۆربەی کوردنشین بووە تووشی کۆمەڵێ کارەسات ومەرگەسات هاتووە کەمترئارامی وپێشکەوتنی بەخۆوەبینیوە،زۆرترین ململانێکانیش نێوان ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی ودەوڵەتی سەفەوی ئێرانیدابووە کەلەپێناوداگیرکردن وسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیاندابووە.

هەندێ جاریش میرنشینەکوردییەکانی ئەردەڵان بابان وسۆران دەسەڵاتیان بەسەردا ڕۆیشتووە. دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیش لەسەردەمی حکوموتوکەی شێخ مەحمودی بەرزنجیدا١٩١٨-١٩٢٤ بەشێکی زۆری ناوچەی کەرکوک سەربەحوکمڕانییەکەی کوردستان بووە خەڵکەکەشی هاوکاروهاوسۆزی ئەوحکومەتەبووە(١).

لەزۆربەی شەڕوپێکدادانەکانی نێوان ئینگلیزوعێراق لەلایەک کورد لەلایەکی تر خەڵکەکەی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەپشتگیری حکومەتی کوردی ئەوسەردەمەو قوربانی زۆری داوە.

کەرکوک ودانیشتوانەکەی لەمێژووی هاوچەرخیشدا لەململانێی نێوان کوردو هەموو ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراقدا هەمیشەناوچەیەکی ئاڵۆزوتەمومژاویی بووە،هەربەهۆی ئەو هەڵکەوتە ستراتیژییەیەوە هیچکام لەڕژێمەکان نەیانویستووە خواستی خەڵک ودانیشتوانەکەی جێبەجێ بکەن و کوردیش لەهیچ کات وقۆناغێکدا دەستی لەمافەکانی خۆی هەڵنەگرتووە،ئەوەش وایکردووە ئەوهەرێمەببێتە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی وململانێی خوێناوی لەنێوان کوردو حکومەتەکانی ئێراق دا، هەموو بوونەتە کاردانەوەیەکی مەترسیدار بۆشارەکەوخەڵکەکەی بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمڕانی حیزبی بەعسدا کەسیاسەتی سێکوچکەی بەعسییاندا بەسەرداسەپاند سیاسەتی بەعەربکردن وبەبەعسیکردن وبەزورکۆچپێکردن ودوورخستنەوەی

هاونیشتمانیانی کوردوتورکمان لەزێدی باو وباپیرانیان،ئێدی وایلێهات بەتەواوی شارەکەیان بریندارکردو پاشان گۆڕینی سیماو ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی زەوتکردنی ناسنامەی نەتەوەیی(٢).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەرئەم کاروکاردانەوانەوفاکتەرانە بوونە بابەت ونێوەرۆکی شیعریی باس وخوازی نێو چیرۆک ورۆمان لای شاعیران وچیرکنووسانی کوردی شارەکە،چونکە رۆشنبیران ونووسەران شاعیران کەخاوەن قەڵەمی ئازان، ناخی ئەوان ئەهەژێ زیاترو زووتر هەست بەکارەسات مەرگەساتەکان ئەکەن،بەشێکی ئەو ڕووداو وکارەساتانە بوونە هەوێنی ئەفراندنی چەندین دەقی ئەدەبی وبەشێک لەشاعیران نووسەرانی نەک هەر بەدەربڕین بەڵکو بەکردارەکی بەشداری خەبات وقوربانیدانی بۆکورد وکوردستان کرد لەنێو ڕێکخستنە پارت ورێکخراوەکوردییەکاندا حزوریان هەبووەو لەپێناو مافی ڕەوای گەلەکەیان وچەکی شەرەفیان هەڵگرتووە چەندانیان شەهید بوون ولەسێدارەدران

وەک ئاماژەمان پێدا شاعیران رۆڵی گەورەیان هەبووە لەپێشخستن وگەشەی رۆشنبیریی شارەکە،لەچەندین ڕیکخراوی ڕۆشنبیری وسیاسی وکۆمەڵایەتی حزوریان هەبووە،بەتایبەتی ژنان کەنیوەی کۆمەڵن ژنی ڕۆشنبیرو نووسەریش بۆئەومەبەستە وقوربانیدانە دریغیان نەکردووە،واتە هەم لەخەبات وهەم لەگەشەی ڕۆشنبیریی وئەدەبی دا هەوڵ وتەقەلایەکی بێ وێنەیان داوە بەچەندین دەقی ئەدەبی زۆرێک لەوکارەسات ومەرگەسات وقوربانیدانانەیان خستۆتەنێو چوارچێوەیەکی ئەدەبییەوە بەرهەمەکانیان کردۆتە ئاوێنەنومای کارەسات ومەرگەساتەکانی کۆمەڵی کوردەواری .توانیان گورێک وتەکانێکی بەرچاو بدەن بەپێشخستنی بزاڤی شیعریی ورۆشنبیری شاری کەرکوک وببن بەبەشێک لەوجولانەوە شیعرییەنوێیەی لەئەدەبی کوردیدا شاعیرانی ژنی کەرکوک هاوشان لەگەڵ هاورەگەزەکانی تریاندا بوون بەبەشێکی زیندوو دەنێو جولانەوەی شعری کوردی وبەرگێکی نوێیان کرد بەبەریدا .

ئێمەلەم تۆژینەوەیەماندا هەوڵ ئەدەین کەهەندێ لەشاعیرەژنەکانی کەرکوک ودەقە شیعرییەکانیان بکەین بەنمونەو ئاماژەدان بەوبابەت وناوەرۆکانەی کەلەهەناوی شیعرەکانیاندا خستویانەتەڕوو وەک:شاعیران نەجیبەئەحمەد حەکیم و مەهابادقەرەداغی وچنارنامیق وهیرۆ کوردەو کۆچەرئەبوبەکروشنۆئەحمەد.هەندێ لەتێکستەکانیان ئەخەینە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە،کەزۆربەیان هی دوای راپەڕینن هەندێکیش پێش راپەڕین کەبەرامەی پاکیزەیی وسیمای تەنهایی ویاخی بوون وبەرخودان وبابەتی فیمینزی وئەنفال لەخۆئەگرن .

تەوەری دووەم

بەوپێیەی ژن نیوەی کۆمەڵە هەمیشە فاکتەرو هۆکارێکی دیاری گەشەو پێشخستنی کۆمەڵە،بەنەبوونی تووشی شێواوی ودارِوخان ئەبێ وهیچ داهێنانێکیش نایەتەدیی .

ژن هەمیشە لەبوارەکانی ژیاندا ڕۆڵ وئەرکی مرۆڤایەتی بنچینەیی هەبووە .لەباری کۆمەڵایەتی ئابوری وسیاسی وتەنانەت ڕۆشنبیرییەوەحزوری هەبووە.. گەرچی لەڕابردوودا لەدەرخستن وپیشاندانی توانستی ڕۆشنبیریی خۆیدا لەمپەر لەبەردمیدا دروستکراوە،ئەتوانین هەم بۆخودی خۆی وهەم بۆکلتورونەریتی کۆنی کۆمەڵ بیگێرینەوە،بەڵام ئێستاولەم قۆناغەنوێیەدا بەهۆی هۆشیاریی کۆمەڵ وفراوانبوونی ڕیگاکانی گەیاندنی ڕۆشنبیرییەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

یائاوالابوونی جیهانی ئەمڕۆوسەردەمدا لەبەردەم چالاکی وداهێنانەکانی ژن دا کاروچالاکی بەرچاویان هەیە.(٣)

ئەگەرکەمێک بگەڕێینەوە بۆڕابردوویەکی ژیانی کوردەواری ئەبینرێ هەرلەکۆنەوە ژنانی کورد ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبووە،واتەجیا لەنەتەوەکانی دەوروبەرکەمترلەمپەروبەربەست لەبەردەم ژنی کوردا هەبووە،لەسەدەکانی ڕابردوودا ژنی کورد سەرۆکایەتی خێڵ وهۆزی ودەسەلاتی کردووە وەک خاتوو خانزادوقەدەمخێر پێشتریش لەبواری شیعروئایندا بەتایبەتی لای یارسانەکان ژن وەک ڕابەری ئایینی دەرکەوتووە لەوانە فاتمەلۆرەی لوڕستانی ولیزاخانمی جاف دایەتەورێزی هەورامی بەکۆمەڵێ دووبەیتی شیعری ئاینی وکۆمەلایەتی لەمەیدانابوون،هەروەها لەسەدەی نۆزدەهەمیشدا مەستورەی ئەردەلانی هەم وەک دەسەلات وهەم وەک ئەدیب وشاعیر ومێژوونووس کۆمەڵێ بابەتی مێژوویی وئەدەبی بەخشیە مێژوو وئەدەبیاتی کوردیمان.

ڕوانینی شاعیرانمان بۆژن هەمیشە ڕوانینی ئەرێنی بووە وەک لای مەولەوی کەرێزوحورمەتێکی بۆژن ورەگەزی مێینە هەبووە چەندین تێکستی شیعریی بۆلاواندنەوەی خاتووعەنبەری خێزانی نووسیوە تەنانەت نۆقەسیدەی بۆئەوبووە،هەروەها بۆکۆچی کچی دۆستەکانیشی نووسیوە،شاعیرانی تری وەک گۆران وبێکەس وکامەران موکری و شێرکۆبێکەس وچەندانی تر دریغیان نەکردووە بۆباس زخوازی ژن وبابەتی فیمینزمی واتە ڕەگەزی مێینە کەبەشێکی ئەودیاردەکۆمەلایەتی وهەندێ ڕوانینی نەرێنی سەبارەت بەورەگەزەسەرکۆنەکردوون وبەرەڤانیان لێکردووە،هەڵوێست وبەرخودانوئەرک وچالاکیان خستووەتەڕوو

هەرسەبارەت بەڕۆڵی ژن لەناو کایە ڕۆشنبیرییەکەی کۆمەڵی کوردەواری ئەتوانین بڵێین لەقۆناغێکدا لەنێوان کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وکۆتایی سەدەی بیستەم لەشیعردا ژن ئەوندە ڕۆڵی نەبووە بەتایبەتی لەناوچەی کەرکوک.

دوای ئەوماوەیە بەهۆی ئەوکارەسات و ململانێی نێوان دەسەلاتدارانی ئێراق کۆمەڵی کوردەواری وجولانەوەشۆڕشگێڕییەکەی خەڵکی کوردستان بەگشتی وناوچەی کەرکوک بەتایبەتی، ئەبینین ژنی کوردی کەرکوک هاتووەتەمەیدان ورۆڵی دیاری هەبووە لەنواندنی هەڵوێست وئەفراندنی دەقی شیعریی بەهەمەچەشنەی ناوەڕۆکی شیعریی سەبارەت بەبارودۆخی ناهەمواری ناوکۆمەڵ ودەرخستنی ناخ ورازی خۆیان بۆهەموو ئەورووداو وکارەسات ومەرگەساتانەی بەسەر ناوچکەداهاتووە،هەروەها ناخی خۆیان بەرانبەردیاردە دزێوەکانی نێوکۆمەڵ دەربڕیوە کەخۆی لەچەندین ناوەڕۆکی کۆمەلایەتی وسیاسی ولیریکی و تاد ئەبینییەوە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەبزوتنەوەوبزاڤی شیعریی لەکەرکوک بەرەوپێشەوەبڕوات وبەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری کوردستان ساڵی ١٩٩١کەتەقینەوەیەکی شیعریی بەرچاوی لێکەوتەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرشیعری کوردی کەرکوکاهێنا،هەم لەڕووی ڕوخساروهەم لەڕووی ناوەرۆکەوە وەک بەردەوامیەک


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆجولانەوەشیعرییەنوێیەکەی شیعری کوردی وئەویش بەسوود وەرگرتن لەخوێندنەوەی ئەدەبیاتی فارسی وعەربی وشارەزابوونیان لەدەقەئەدەبیەکانی فارس و عەرەب وتەنانەت کوردیش.

لەم تۆژینەوەیەماندا ئاماژە بەهەندێ لەوشاعیرەژنانەی کەرکوک ئەدەین وهەندێ نمونەی تێکستەشیعرییەکانیان تاوتوێ ئەکەین،وەک لایەنی خودێتی عیشق وفیمینزمی و ئەنفال و بابەتی تر.........

ئەم پۆلەشاعیرەژنەی کەرکوک زۆربەیان کایگەرن بەشاعیرانی فارسی وەک فەرِوغ فەرِوغزادوسوهراب سپهەری وەک خۆیان لەشیعرەکانیاندا باسیانکردووەلەزۆربەی دەقەشیعرییەکانیانداسیمای خودێتی وعیشقیان پێوەدیارە بەئەندێشەیەکی قولەوەوگوزارشت لەخودی خۆیان ئەکەن بەرانبەرئەو دۆخ ودەوروبەرو سیستمەکۆمەلاَیەتیانەی کۆمەڵ زۆرجاریش پەرچەکردار لەشیعرەکانیاندا رِەنگیان داوەتەوە،بەچەندین وێنەی شیعریی زیندووێتی وبزاوتیان پێ بەخشیوە((وێنەلەشیعری نوێدافەلسەفەیەکی جوان وجۆراوجۆری هەیە کەگرنگترینیان زیندوێتی وبزاوتنە))(٤) ((لەسادەترین واتایدا وێنەکێشانەبەوشە))(٥).

ئەمان لەرِوانگەی خودی خۆیانەوە رِوانیویانەتەدەوروبەر توانیویانە کارێکی هونەریی بۆدەرخستنی توانستی خۆیان بگەیەننەئەنجام،لەورِووەوە ئوسکاروایدئەڵێ((هەمووکارێکی هونەریی لەکرۆکیدا هەستێکی تایبەتە کاری هونەری دەرەنجامێکی جیاکارو سروشتێکی جیاکارە جوانی ئەوکارەش ئەکەوێتەسەرئەوەی کەداهێنەرەکەی خودی خۆی دەرئەخات))(٦).

ئەوەتا نەجیبة ئەحمەد حەکیم خانمەشاعیری کەرکوک کەلەحەفتاکانەوە شیعر ی ئازادئەنووسێ شیعرەکانی زیانر رِەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵن ولەئاسانەی فیمینزمیدا خۆیان ئەبیننەوە سەراپایان دەربرِی ناخی ژنن وگوزارشت لەدۆخی ژن وژیان وکۆمەڵ ئەکەن وسیمای خودێتییان لەخۆگرتووە،واتەبەکەسی یەکەمی تاک دەس پێ ئەکەن کەگوزارشت لەورِەگەزە ئەکات ولەگەڵ ئەوەشدابۆ نیشتمان ونەتەوە شیعری مەزراندووە لەسەرەتای دەقێکی شیعرییدا لەژێرناوی وەنەوشەی ئاوی دا وائەدوێ

جەژنی قوربانە
چەقۆکەی سەرملی ئیسماعیل
قەسدی سەری منی هەیە
ئەمشەو
بێ فریادرِەس
رِەنگەلەکۆشی دایکما
بگیرسێتەوەسەرم ئەمشەو
هەتا..
خەونێکی پەمەیی ئەدایەبەرچەقۆ
ئیبراهیم

من عومرم جن جن کرد
لەجەژنی قوربانی عەشقێکدا
سەیرمکەن
چ سەرگەردانە سەرم
ئەمشەو (٧)

خۆی چواندووە بەئیسماعیل وەک قوربانیەک شاعیر نەجیبە دەورو ڕۆژگار غەدرێکی لەڕادەبەدەری لێکردووە،لەوتێکستەیدا لەخۆی ئەدوێ خۆی ئەچوێنێ بەودۆخەی کەئیبراهیم پێغەمبەر نەوەی خۆی ئەکاتەقوربانی خۆشی بەقوربانی ئەچوێنێ واتە ژن ئەبێتەقوربانی و کەسیش فریای ناکەوێ،خەونەکانی بەدەم نووکی نێزەیەکەوەن،ئەبێ لەپای چی بێ؟ لەباجی عەشقدا کەلەودەمەیدا تابۆبووە هەرلەوپێناوەشدا سەرگەردان

وبێ فریادڕەس ولەوتەنیاییەدا پێچاوپێچێتی، کەواتە چارەنووسی ڕەگەزی مێینە یان خودی خۆی وەک باقی هاوڕەگەزەکانیدایەو دەنگ وهاوارێکی خودایە

نەریتەباوەکانی کۆمەڵ هەمیشە لەمەتاڵدابووەبۆی،دەروونی پڕلەئازاروچەرمەسەریی کردووە لەگەڵ ئەوەشدا وەک کێوێکی باڵا لەسەرپێی خۆی وەستاوە،ئەوەتاشێرکۆبێکەس لەشیعێکیدا ولەژێرناوی خەڵووز دا نووسیوێتی بۆئازارەکانی نەجیبەی خوشک وهاوڕێ ئەڵێ:

لەشەوانی کرێوەدا
دێڕێ شیعرم. بەجێی هێشتم
خۆی کردبەناو کوورەی دڵی (شاژن)ێکدا
بانگم لێ کرد:نەڕۆی... نەکەی
گوێ ی خۆی کەڕکرد
کەدەستیان بڕی ودەریان کرد
تاریک وڕوون.سەرکز زەبوون
گەڕایەوە
سەرنجم دا.
بووبووبەکڵۆ خەڵووزێ
بەندم کرد،کەشەوداهات
ئاگرێکم لێ کردەوە
نامەیەک لەسەرم داگرمۆڵەبوو
لەقەفەزەوە هەڵاتووی
ئەوینی نەجیبەخان-م
لەبەراگەرم کردەوە(٨)

شێرکۆبێکەس بەوهەناسەیە گوزارشت لەئازارەکانی نەجیبەکردووە

مەهاباد قەرەداغیش بەم جۆرە گوزارشت لە ناخ وخودی خۆی ئەکات لەبەرانبەرئازارەکانی دەستی غەدر گڕلەچاوی دا هەڵدێ کەبزانێ زەریاکان ئەستێرەومانگ وهەتاو ئەخنکێنێ،بەرهەم و دارستانی ئەسووتێنێ لەبەرانبەردا ئەبێتەگڕو هەناسەی ئەبێتەشنەی ئاواتەکانی وچاوەکانی شانۆی ئەندێشەکانی مەرگەساتە.

بێگومان ئەدەب بەتایبەتی شیعر بریتیەلە وێنەکێشان واتە وێنەی هونەریی. مەهاباد لەناخی خۆی وخودی خۆیەوە گوزارشت لەدۆخی ناهەمواری تاکی مێینەئەکات وبەوێنەی هونەریی شیعری گوزارشتیان لێ ئەکات((وێنەلەشیعردا شتێکی نوێ نییە،چونکەشیعر لەوەتەی هەیە لەسەروێنەڕاوەستاوە،بەڵام وێنەی شیعریی لەڕووی پێکهێنانەوە لەشاعیرێکەوەبۆشاعیرێکی تر ،یان لەشیعری کۆن ونوێداجیاواوی هەیە))(٩)

مەهاباد قەرەداغی بەمجۆرە وێنەی شیعریی دائەهێنێ وگوزارشت لەخودێتی خۆی ئەکات.

ئەم چەقۆیانە دەمێکەخۆبەزامەکانما دەسوون.<br>
ئەم پشکۆیانە دەمێکەلەچاوەکانماهەڵبوون<br>
هەرکەزانیم<br>
زەریائەستێرەلووش دەداو<br>
برووسکەهەور ڕائەژەنێت<br>
مانگ وهەتاو دەخنکێنێ<br>
دارستانی سەوزی شەوم دەسووتێنێ<br>
منیش بووم بەم گڕەی ئێستاو ئەوەتانێ<br>
هەناسەم شنەی ئاواتە<br>
چاوم شانۆی پڕئەندێشەی مەرگەساتە(١٠)

هەروەها مەرگ لەپێ ئەکا تاژیان بگەیەنێتەلووتکە

مەرگم لەپێ کرد<br>
بەناودڕک وداڵی زامەکانتا غاردەدا<br>
تادرم وپەتای ئازارت بدۆزنەوە<br>
مەرگم لەپێ کردو بەدووای ئەهرەمەنی ڕقهەڵگرتووی<br>
چاوتا وێڵ بوو<br>
تابەسوژن ئاخێکت ناخی دەرزیئاژن کەم<br>
مەرک لەپێ دەکەم هەتا ژیان دەکەم بەتاجێکی ئاوێنەبەند(١١)

یا ..

سوارێکم ڕێی تاری شەوەزەنگ بەرنادەم<br>
تابگەم بەڕۆژگار<br>
هەڵدێرو چیابەرنادەم تابگەم بەلووتکە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سوارێکم گشت لەشم وەگ بێژنگ پێکراوەو
نەمروم غاردەدەم
چوارسمی ئەسپەکەم شکاوەو نەکوتوم غاردەدەم(١٢)

مەباد قەرەداغی لەزۆرینەی قەسیدەکانیدا بەجێناوی کەسی یەکەم م،من دەسپێئەکا واتە خود واکوزارشت لەخود وناخی خۆی ئەکا ناخی هەڵئەڕێژێ بەرانبەرلەمپەرەکان وئەوانەی ئازاری داون وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەک بەرگری لەڕگەزی مێینەئەکات.

چنار نامیق وەک شاعیرێکی ژن لەسەرەتای نەوەدەکانی هەزارەی دووەمەوە لەگۆڕەپانی ئەدەب وشیعردا حزووری هەیە،بەکۆمەڵێ تێکستی شیعرییەوە لەنێوبزاڤی شیعری کوردی بەگشتی وشاری کەرکوک بەتایبەتی بوونی خۆی سەلماندووە،شیعرەکانی لەسەرنەزم و ڕیتمێکی نوێ وجیا لەشاعیرانی هاوچەرخی خۆی لەڕووی ناوەڕۆک وڕەخسارەوە داڕشتوون، شیعرەکانی لەدیوانێکدا بەناوی ((کۆشیعر))لەساڵی ٢٠٠٦ بەچاپ گەیاندوە.

دەنێوشیعرەکانیدا قەدەر وەک مۆتیڤ وکارتێکردنێکی دیار لەشیعرکانیدا حزوری هەیە کەپێوەند بەودۆخەی نەتەوەکەی یاخود ڕۆژگاری نەتەوەوژینگەکەی،چونکەقەدەر بەبارەنێگەتیڤییەکەی لەمێژووی کوردا ڕۆڵی کایگەروبەرچاوی هەیە،ئەتوانین بڵێین بەدرێژایی مێژوو خۆی لێ مەڵاس داوە.

سیمایەکی تری شیعرەکانی هێنانی چەند تابلۆ ودیمەنی جیاجیا پێکەوەگرێدانیان لەپێناو ئەفراندنی تێکستێکی شیعریی خاوەن پانۆرامایەکی پڕخەیاڵ وئەفسانەی ژیان، ئەو واژیان ئەبینێ وناوەناوەش پەنجەلەسەر دەردوئازارەکانی ژیان یاخود ژن وەک فیمینزمێک نهێنی و ڕازەشاراوەکانی بەرەڤانی لەهەڵوێست و نیازو ئارەزووەکانی ئەکات(١٣)

لەشیعری چەپەردابەمۆنۆلۆگێکی دەروونی ناوەو خۆی لەگەڵ خۆیدا ئەدوێ ولەدووڕییانێکدایە وناخی خۆی هەڵئەڕێژێ.

سەرم جەستەم بەجێدێڵێ
جەستەم دووی سەرم دەکەوێ و
ناگەن بەیەک
من نازانم
تورمی ژانەگڕگرتتوەکانی ناخم و
گڕوگاڵی کورپەی حەزەشێتەکانم بۆکوێ بەرم
ئەوخەونانەی بەرلەئێستاکە دەمبینین
نابنەوە بەهار دڵم
ئێدی پەنابۆکوێ بەرم؟!
دەلێم مەگرە
من دەمێکەخەونی دووری وەکو زریان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕێ لەهیواکانم دەگرێ
حەزم دەستەمۆدەکات
شیعرەمانگرتووەکانی
ئازیەکەم دەسووتێنێ...!
هاوڕێ شیعرەسووتاوەکەم
دەرگاکان داخراون
لەکام پەنجەرەی گومانەوە
بێمەلات و
باسی دەیجورت بۆبگێڕمەوە
شاری ئەوین دوواچەپەری ڕێگاکەم بوو
جەغار
نەسێبەری داربەڕوویەکم بەدیی کرد
نەکانییەک
تاتوینێتیم بشکێنێ
شنەبایەک هەڵی نەکرد
لەم وڵاتە بێ سێبەرە
گڕی سەحرا دەسووتێنێ(١٤)

هێرۆکوردە *ش لەدەقی دڵنیابەنایەمەوە دا لەگەڵ خۆیدائەدوێ و واتە بەجێناوی کەسی یەکەمی تاک ،یاخیبوونەکەی خۆی لەدەربڕینی خۆی دا ئەئاخێوێ بەجۆرێک تەرکی دونیا وچاوەنواڕی عیشق ئەکاوئەڵێ،لەجیهانی هەستی خۆی وبیری ناوەوە لەگەڵ سۆزیدا دانابڕێ وبەیەکدا ئەچن چونکە((جیهانی هەستەکان وبیری ناوەوە سۆزلای شاعیر دانابڕێن لەپەیڤەشیعرییەکان داهەردووجیهانەکە بەیەکدائەچن))(١٥)
ئەوتا هێرۆ لەدەربڕینی ناخی خۆی دا ئەڵێ:
من ئیترتەرکی دونیاو
چاوەنواڕی خەڵوەتی عیشق و
داڵغەکانی قوتابخانەو
دەستی تەزیوی نامەخوێندنەوە
ڕاوی هەواڵەکان دەکەم
فەرامۆشت دەکەم وەک چۆن مۆم
بۆباوەشی کزەبایەک
گڕی خۆی فەرامۆش دەکا
وەک چۆن ڕێبوارێک


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەتا....
بگرەهەتاشەوان بێ ئۆقرەییم
تۆیان پێ نامۆیە
جارێکی تر ڕۆحت بۆهەڵناکەم
وێنەکانت نامەکانت ئەسووتێنم(١٦)

دیسان لەتێکستی (بێ سەر)دائەڵێ:
سەرم لەلەشم جودائەکەمەوە
ئەم کەللەسەرەپووتە
وەک تۆپێکی فشەڵ
لەم دەست بۆئەودەست ڕەوان دەکەم
ئەم کەللەسەرەبەهیچ پڕبووە
بێ سەرم ئێستا

هەتا
کچێک بێ ئایین بێ سەر
باشتر  زۆرباشتر
لەناوخۆم دا
کەنار دەگرم(١٧)

کۆچەرئەبوبەکر(*)

وەک کەژاڵ ئەحمەد ئەڵێ ((کۆچەر وەک ئاوسنووربەزێنە وسادەیە،بەڵام دڵگیر ئینجائەم کچەئاوییە ناگیرێت وئاوێنەی ڕوونی هەستەکانە))**

کۆچەرلەڕوانینی خود وعیشقەوە لەشیعری  هێشتا دەڵێیت نەوەریوی  لەتەک دایکیا ئەدوێ وبەکەسی یەکەمی تاک ئەئاخێوێ،کات ئمنێژێ حەوزخوریکەئەمخنکێنێ لاولاوپیرئەکات ئائەودەمە ئەڵێ:

زەمەن لەژێردارهەنارەکەدانێژرا
من بیرلەودیوی پەنجەرەئەکەمەوە
حەوزەکەخەریکە بخنکێت
لاولاوبەدیوارەوەپیر
بەدایکمم وت :دووای دوکەڵ بکەویت باشتری دوای
عەشق
هێشتاپێم دەڵێیت نەوەریویت؟
دڵم لەزستانێکدابەستی


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

بەهارێک خەبەری نەبووەوە
هێشتاپێم دەڵێیت نەوەریوی؟(١٨)

لەم دەقەی کۆچەردا بەرامەی باخیبوونێکی تەواوی پێوەدیارەولەخودئەدوێ،دەسپێکردنی بەکەسی یەکەمی تاک واتەخود کەیاخیبوون لەڕەگەزی بەرانبەرو ڕەتکردنەوەی خواستەکانێتی ئۆبالّی گوناهەکان ئەخاتە ئەستۆی خۆی وپاشان بەرانبەر کەسی دووەم،ئێدی هەردووک دوای دایەلۆگێکی خودیانەودەربڕینی ڕازوموعانات وخواستێکی ژنانە بەرانبەرەکەی وا تۆمەتبارئەکات،تابلۆیەکی وای نەخشاندووە هۆراس ئەڵێ((شیعر وەک تابلۆ وایە))(١٩)کۆچەردیمەنێکی وای خوڵقلندووە لەوپەیوەندییەکۆمەڵایەتیەبێ ئومێد ئەبێ،تابلۆکەش بەمجۆرەیە.

تۆفێرت کردم دەستەکانم
بەشەراب بشۆم
خەونەکانم لەسەرابی بوونمدابیبنم
خوداش ئەو وەختە قینی لەترێکان هەستا
کەشوناسی خۆیان گۆڕی بۆشەراب(٢٠)
پاشان بێ ئومێدییەکەی
ئێترنائومێدبووم ئەوینم
چونکەئەو وەختەی من ویستم
خۆم لەدەریامارەبکەم
مانگ لەنامەیەکدا بۆی نووسیووم
ئەڵقەناکرێتەپەنجەی ئاو(٢١)

شنۆئەحمەدغەفوریش(*)وەک شاعیرێکی سنووری کەرکوک وەڕسیی ومەینەتییەکانی ژیان وای لێکردووە لەناخی خودی خۆیدا چەند تێڕوانینێکی ڕەشبینی ئەهێنێتەئاراوە بەمجۆرە وێنای ژیان ئەکات،لەشیعری وشەکان باران ئەیاننووسێتەوە خۆی لەنەبوون عدم دائەبینێتەوە.

لەخەوڕاچووم
زەوی ئۆقرەی لێ براوە
لەناوعەدەمداخۆم ئەبینمەوە
هێندە وشەم بەکارهێناوە
هەموویان بێ مەیل بوونەلێم
دڵێکی گەرم دڵۆپ،دڵۆپ
خوێنی لێ ئەتکێ بۆشیعرێک
کەنازناوی تیابەدیی ئەکرێ
حەرفەکان لەنێولەشما

مردووانەدەنگ ئەدەنەوە
وەک هاواری منالێکی شێت
سات دووای سات
خەونێکی تاریک دەیانباتەوە
ئەولەحزانەی لەبەهەشت
تائەگاتەئەوەی
تۆئەی بارانی هەناسە
بۆکوێم دەبەی
تاکەی چاوەڕوانبم(٢٢)

لەم دەقەیدا وەک هاوارێکی منالێکی شێت کەخەونی تاریک بیباتەوە ڕوولەبارانی هەناسە ئەکات،چاوەڕوانە بۆکوێی ببات .ئەبینین شنۆبەمجۆرەپرۆسەی لادان لەزمانی باو بەجێئەهێنێ سیمایەکی شیعریی پێ ئەبەخشێ((لادان لەزمانی باودا ئەوڕەفتاروچالاکیەیە کەسیمای شیعرییەت ئەبەخشێ))(٢٣)

راچوون لەخەو، زەوی ئۆقرە لّی بڕاو، ون بوون لەنێو عەدەمدا، هاواری منالێکی شێت هەمووئەمانە گوزارشت لەدۆخی خودی شاعیرئەکات ولادانێکە لەنەریت وزمانی باو

ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال وەک کارەساتێکی پڕمەرگەسات بۆکورد هەمیشە لەیادوەری وخەیال ومێشکی تاکی کورددا لەبیرناکرێ،ئەوکارەساتە پرۆسەیەکی جینۆسایدی کوردی سەدەی بیستەم بوو،بەپیلانی ولاتانی عەربی وهەندێ لەولاتانی زلهێز ولەلایەن ڕژێمی بەعسی سەدام وهاویارانییەوەئەنجام درا،پرۆسەکەش لە١٩٨٨/٢/١٨وەتامانگی ٨ی هەمان ساڵ بەردەوام بوو کەتیایدا زیاتر لە٤٥٠٠ گوند وشار شارۆچکەی کوردستان وێران وکاول بووهەروەهازیاتر لەسەدهەزار خەڵکی سڤیل وپێشمەرگەی تیاچوو،کەدیارترین وترسناکترین جینۆسایدی میلەتێکی وەک کوردی بێ پشت وپەتابوو لەهەمووجیهاندا بەهەمووچەکێک وکەرەسەی جۆربەجۆرەوە دژی ئەومیلەتەبەرپاکرا تیایداچەکی کیمیایی لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەکارهێنرا،یەک ولاتی جیهانیش متەقی نەکردودەنگی لێوەنەهات،ئەوپرۆسەیە ئەوەندترسناک بوو ئامانجەکەشی سڕینەوەوپاکتاوکردنی ڕەگەزیی گەلی کوردبوو،کەبەسەدانساڵە لەهەمووماڤێکی سەرەتایی وسروشتی خۆی بێبەشبووە.

بۆیەکەئەبینین کۆی پرۆسەکەلەمێشکی تاکی کوردا وەک مۆتەکەبوونی هەبووە بەتایبەتی لای شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد زورێکیان کردویانەتە هەوێنی بەرهەمەکانیان لەچیرۆک ولەشیعردا.

ڕەنگ وڕووی ئەم دیاردەوجینۆسایدە لای چوار شاعیری ئەم پۆلەشاعیرە بەکۆمەڵێ دەقی شیعرییەوە بوونی هەیە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەوەتانێ نەجیبەئەحمەدحەکیم لەشیعرێکیدا لەکۆمەڵەشیعری مێژووی دارسێودا کەبۆ کۆچی دلارامی شێخ جەنابی نووسیوە کەتیایداهەستی خۆی بەرانبەر کارەساتی هەڵەبجەوئەنفال دەربڕیوە وەک خۆی ئەڵێ گاریگەریی ئەوکارەساتەی پێ ڕەنگداوەتەوە.

مەهابادقەرەداغیش لەتێکستی شاخ کێڵکەی گەنمەشامیدا وەک چامەیەک بۆئەنفال بۆمێژوو پێشکەشی ئەومناڵەی کردووە((تەیمور کەلەکاتی زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی سڤیلی کوردستان لەخوارووی ئێراق هەڵات وڕزگاری بوو،چامەکەش نزیکەی ٤٢لاپەڕەیە وەک نووسیوێتی پاڵەوانەکەی تەیموری ڕزگاربووی زیندەبەچاڵکراوی ئەنفالە،ئەوەندە کاریگەرانییانەباسی ئەکا بەچەند کۆپلەی شیعریی ودارشتنی وێنەی شیعریی ئازارو ناخی خۆی خستوەتەڕوو.

بەپەنجەی مەراق دەبینی
مەرگەساوا وەک زۆڵێکی حاشالێکراوی بێکەس
لەبەردەرکی مزگەوتێکافرێ درابوو
من هەڵمگرت وماچم کرد
چوون سورەتێکی پیرۆزی گتێبی خودا:
لەسەرکۆشی خۆمم دانا،وەک ساوای خۆم(٢٤)
دیسان لەشوێنێکی ترا ئەڵێ
بەزمانێ لایەلایەم بۆکردجیالەوەی
کەسورەتی ئەنفال بەخەتی ئاجڕوباجڕی جنۆکەکان پێ نووسرابوو
ئەوزۆڵەپیرۆزەی لەئامێزم دانا
دایکداری بێ باوک باوکداری بێدایک بوو.
دەیانوت کچی ئادەمە..دەیانوت کوڕی حەوایە
دەیانوت ئەوتوڵفەحەرامەلەساتی تێکئالآنی
زەریای کات دا دەریای شوێندالەدایک بوو
هیی کۆرپەزۆڵکەم
چەندساوایەکی پیرو چەندپیرێکی کۆرپە(٢٥)

ئەبینین تانەوسەرکۆنەی نەریت وباو وکلتوری ئایین ئەکات کەبەدەستی ئەوانەی بۆبەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بەکاری ئەهێنن،هەرئەوسورەتەی ئەنفال وئایەتەکانی بوونەتەمێمڵ وقڕکردنی میللەتێک،ئەو واتەشاعیر بەدایەلۆگێکێ باس لەمنالێ ئەکات کەدایکی وباوکی لەئاکامی ئەوشپرزەیی نابەرانبەری خۆیاندابەجێماوە شاعیرپیرۆزی ئەکات بەکتێبی پیرۆزی ئەچوێنێ ئەوڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤانەی مرۆڤە مەهاباد واڕوانیوێتی هەتائەگاتەئەوەی:

هەنووکە.لەوێستگەی چاوەڕوانیدا
لەسەرکورسیەکی ئاگرین دانیشتووم دەنووسم


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەنووسم چامەیەک،بۆئەنفال
شاخ کێڵگەی گەنمەشامیە
لەچۆڵایی گەردوون دا بێ بڵندگۆ
خۆم ڕەنگم خۆم دەنگم خۆم سەدا
خۆم تەواریک زامداری هەودا
یەک وشەدەبێتەهەزاران
ئەنفال ئەنفال(٢٦)

لەتێکستێکی تریدا (دیسان سەحەرە) ڕوانینی بۆکارەساتەکە دەرئەخات وئەڵێ:

هێشتاسێوەلاسوورەی سەرخوانی سپێدەی جەژن
لەموناجات نەبووەوە
هێشتاسەدای الله اکبربەردەوام بوولەگوێی هەموان
هێشتادوانزابوو
تائەوانی دی بڵێن ئامین
فریاد بواری نەدا پیاڵەی ئاسودەیی هەڵگرن و
پێکی گەردنئازادی نۆش بکەن
سێوەلاسوورەنەیزانی کەمایەن بوو سفرەی جەژنی ژێرەوژوورکرد
لافاوی ئەنفال بوو یان شاڵاوی قەهر؟
شمشێری شەددادبوویاڕەشەبای زەهر؟
کام بەرد ئەم پیاڵەکریستاڵانەی شکان
بەردی ڕەش بوویاسەنگەسار
کام سیکاردبوو سێوەلاسوورەی لەت لەت کرد
کام تیغ بوو دڵی ئەم عەشفەی دڕان؟
هەدیەی ئەبوجەهل بوو یائەرمەغانەکەی سوڵتان؟
هی کامیان بوو نەیزانی هی کامیان(٢٧)

دیسان بۆمێژووی سەرەتای ئسلام قادسیەکەی ئەودەمی نەزانی بیری عروبەی ئیسلامی ئەوسەردەمەڕەخنەئەکات لەڕێگای ئەوپرسیارانەوە بوئەومێژووەئەگەڕێتەوە،کەئێستاولەم سەردەمەشدا کورد بوەتەسێو وبەتیغی نەزانی عەرەبان لەت لەت ئەکرێ ...

چنارنامیقیش لەشیعرێکیدا لەسەربەخۆیی کوردستان ڕۆحی ئەنفالکراوان شادئەکات،کەبەبۆنەی ٤/١٤ەوە ئەڵێ:

تاکوئێستاش کەرامەت وڕۆح
هەناسەم ئەنفال
تەنهابەجەستەلەمرۆڤم
لەخەرباتی وەرزێکدا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕۆژێک ڕۆحم ئەنفال کرا
لەودەمەوە
دڵ ساباتی حەسانەوەی تۆڵە
لەم جەنگڵستانی تەمەنە
هەر ڕۆژ ڕۆحم هەڕاج دەکرێ
هەرجلێکی درەختی جەستەم
هەزارەهائازاری بێ وچان دەگرێ
سۆماکانم هێشوەئەشکی لێ دەڕژێ
چواردەی چوار
ڕەژووی ڕۆحم بەرەوبیابانەکانی
عەرعەر هەڵدەفڕێ

ئەم دەقەی لەفەیسبووک بڵاوکردوەتەوە بەبۆنەی یادی کارەساتی چواردەی چواری١٩٨٨وەکەیادی ئەنفالی ناوچەی گەرمیانە هەرخودی شاعیرکتێبێکی لەسەرئەنفال نووسیوەبەناوی جینۆسایدوئەنفالی کورد،چاپخانەی کارۆ،کۆمەڵەی ڕووناکبیری وکۆمەڵایەتی کەرکوک ،کەرکوک،٢٠١٢.

چنار لەم تێکستەدا ئازارەکانی ئەنفال وا ڕەنگ پێ داوەتەوە ئەویش بەکۆمەڵێ وێنەی شیعریی وەک:

هەرجلێکی درەختی جەستەم
هەزارەها ئازاری بێ وچان دەگرێ
سۆماکانم هێشوەئەشکی لێ دەڕژێ

هەمووشتێکی ئەنفال کەرامەت ،ڕۆح،هەناسە بەمانەوچەندین وێنەی تر لەئەنفال ئەدوێ.

چواردەی چوارکەهێمای پڕجەرگبڕترین کارەساتی ئەنفالە ڕۆح وهەناسەوکەرامەتی شاعیرە.

هێرۆکوردەش لەشیعری تابووت دا بەم شێوەیە باسی ئەوکارەساتە ئەکات وبەوەیشومەومەینەتباری ئەچوێنێ کەوڵاتی خستووەتە ئەوکاولکاری وبەشمەینەتییەوە...ئەڵێ

چ سپێدەیەکی وەیشومەبوو
ئەودەمەی سەفەری ناوەختی ئەنفال
هاتەئەم مەملەکەتە
هەرئەوسپێدەیە
شەمەندەفەرێک هات و
جاڕی سەفەرێکی ئەبەدی دا
سەفەرێک وەک گەرووی گەردەلوول
هەمووشتێکی لووش دا

هەتا....
ئەم سەفەرەهەمووشتێگی لەگەڵ
خۆی بردو درەنگانێ گوزەشت
تائەگاتە ئەوەی
سورەتێک بەهەڵە هاتەئەم وڵاتەو هەمووجوانییەکانی ڕاپێچا(٢٨)

دیسان هێرۆ ئاماژەبەوسورەتەی ئەنفال ئەکات کەبەهەڵە لێکدراوەتەوە کراوەتە قوربانی دەستی دەسەڵاتدارانی ئێراق و فتواکەی جێبەجێ ئەکەن بەسەرمیللەتێکی ستەمدیدەی وەک کورد کارەساتەکە  والێکئەداتەوە

ئەمێستا
بیابانێ لەناخمان سەری هەڵداوە
پڕلەئێسک وپروسکی شکاو
لێوان لێولەڕۆحی شەکەت و
دڵێ لەژێرپۆستاڵ پارەپارەکراو(٢٩)
ئەو وا باسی ئەکات ،کەبوون ،ڕەنگ،تام هەمووی دوکەڵە هەمووی هەربۆبیری مەرگە
لەوێندەرێ هەمووشتێ بوونی دووکەڵ ورەنگی دووکەڵ وتامی دووکەڵ ئەدا
لەوێندەرێ هەمووشتێ دەچێتەوەسەرمەزهەبی مەرگ
لەوێندەرێ ویژدان عەیامێکی زووەنووستووە
لێرەش وڵاتێک کۆسی کەوتووە
لێرەبەهارێ سەربڕاوە
لێرەئەنفالێکێان خولقاند وەک زامێکی هەمیشەیی
بەڕۆحمانا ئالاوە(٣٠)

وەک لاوانەوەیەک بەراوردێکی نێوان میللەتێکی بندەست و ورژێمێکی سەردەست  ئەکات وەک جوگرافیاوشوێن کوردستان وئێراق کەلەئێراق ویژدانی تیانووستووە کوردستان کۆسکەوتووە بەهاری سەربڕاوە ئەنفال بووەتەزامێکی هەمیشەیی پێوەی ئالاوە

وێڕای ئەوسیماوخەسڵەتانەی شیعری ئەم کروپەژنەشاعیرەی کەرکوک سیمایەکی تریان تیابەدی ئەکرێ ئەویش لەهەندێ یالەزۆربەی تێکستەکاندا ئەوەندەپابەند نەبوون بەیەکێتی بابەتەوە هەرلەو ڕووەوە کۆمەڵێ وێنەی  شیعرییان بەدوای یەکدا هەڵچنیوە ئەشێ کەمترپەیوەندییان بەیەکەوەهەبووبێ کەبوونەتەهۆی ئەوەی هەڵەی ڕێزمانی وزمانەوانیان تیاڕووبدا ئاستی تێگەیشتنان کەمترمسۆگەربێ ئێمەهەندێ نمونەی ئەوتێکستانە ئەخەینەبەرچاو وەک

کۆچەرئەبوبەکر ئەڵێ :
مانگت بۆسووردەکەمەوە
وێنەکەت لەچوارچێوەی گەڵادەگرم


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

ئەستێرەت بۆدەکەم بەشەربەت
خۆرت بۆقاژ قاژدەکەم(٣١)

سوورکردنەوی مانگ و وێنەلەگەڵاگرتن وئەستێرەبەشەربەتکردن وقاژقاژکردنی خۆر چ پەیوەندییکیان بەیەکەوەهەیە چ واتایەک ئەبەخشن؟

یاخود چنارنامیق لەتێکستێکائەڵێ:

سپێدەیەک لەجریوەی ئەوچۆلەکانە وەخەبەرهات
فرینیان لەبیر کرد نیوەشەوێک
ملوانکەکانی لێک دەئاڵان
دەپسان وگرێکوێرەم دەدانەوە
تنۆک تنۆک
گولڵژانم دەخستەدەریایەکی
بێ ئۆقرەترلەبینایی گوڵێکی سووری بەرهەتاو
زەمەن بەهەشتەکانی تۆ
دۆزەخی دەروونمن(٣٢)

جریوەی چۆلەکەو وەئاگاهاتنی سپێدە ولەبیرکردنی فرین و شەو وملوانکەولێکئاڵان وپسانی گرێکوێرەدانەوە بینایی گوڵی سوور ئەم وشانەو لێکدانیان ئەو واتایە نادەن بەدەستەوە تەنانەت وێنەکانیشیان شێواندوە پەیوەندییەکانیشیان بەیەکترنامۆن

شاعیر شنۆئەحمەد غەفور لەزۆرێک لەشیعرەکانیدا ئەوەندەبەلای یەکێتی بابەت دانەڕۆیشتووەولەچنینی وشەوفرەیزوڕستەشیعرییەکان کۆمەڵێ هێماوئاماژەی هێناوە کەمترلەگەڵ لۆژیکداگونجاون ئەوەش وای کردووە واتاکان لەیەک دوورکەونەوە هەربۆنمونە

سەیرەهەناسەم دڵۆپی لێ دەتکێ
سەیرەهیواکان پڕەلەشەهوەتی مردوو
لەئەندازەی ئەم خەیاڵە
بێ بڕوابوومە
لەنزیک چریکەی زەردەخەنە
نەتەوەیەکی تەسلیم بەقەدەری پەروانە(٣٣)

فرەیزەکانی هەناسەو دڵۆپ تکان وهیوای پڕلەشەهوەتی مردوو چریکەی زەردەخەنە ونەتەوەوقەدەری پەروانە دیسان لێکدانی وشەکان زۆرنامۆن چنینی ئەوخەیاڵ وئەندێشانە گوێگرياخوێنەروهەواداری شیعر لەچێژوەرگرتن بێزارئەکات،هەرلەنێوئەوکۆپلەیەدا دووهەڵەی ڕێزمانی کردووە وەک هیواکان کۆیەکەچی کردارەکەی پڕە بۆکەسی سێیەمی تاکە، بێ بڕوابوومە هەڵەیە بی بڕوابووم ڕاستە.

بۆهێرۆکوردەش لەم تێکستەیدا لەچنینی وشەکانداولەدارشتنی فرەیزکاندا خەیاڵ وای پەلکێشکردووە ئاگای لەڕێکخستنی واتاکان نەماوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێشتایش دەستت بەدەسکی دەرگەوەیە
زمانت بەدەنگ وهاژەم دەهێنێت
بەگەمەی زمانەکان
دەریایەک چێ بووە
من لەکەناری تۆو لوتت لەناوجلەکانم(٣٤)

شاعیر نەجیبەئەحمەد حەکیمیش هەندێجار لەچنینی وشەداولەپێناو خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا وشەکان بەیەکتری نامۆئەبن لەیەکێتی بابەت دوورئەکەونەوە وەک ئەم کۆپلەشیعرە
لەنەوازشی من چۆلەدەسکی پەنجەرە
پەڵەیەک هەوری لاکێشەیی نیلی
خۆی لەچوارچێوەی تاکێکی پەنجەرەکەم گیرکردووە(٣٥)

ئەنجام

_بێگومان شاری کەرکوک شوێنەزای کۆمەل] شاعیربوو بەدرێژایی مێژوومەیدانی ململانێی ناکۆکی نێوان ولاتانی دەورەوبەربووە،بەتایبەتی لەگەڵ کورداوێڕای ئەوململانێیەبزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی وئەدەبی کوردیبەخۆوەبینیوە بەتایبەتی بواری شیعر

_لەدوای ڕاپەڕینیشەوە ئەوبزووتنەویشیعرییە گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوەبینی تیایداشاعیرانی ژن ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە بەتێکستەشیعرییەکانیان تەکانێکی بەرچاویان بەجولانەوەی شیعری کوردی کەرکوک دا
_دوای ڕاپەڕین ژنانی شاعیری کوردلەکەرکوک لەقۆناغی بەرخودانەوە ناوەرۆکی شیعرییان گۆڕی بۆباسکردنی مافەکانی ژن وبابەتی فیمینزمی،کەلەوچوارچێوەیەدا شیعرەکان بەرامەی خودێتی وفیمینزمییان پێ بەخشیوە
_وێڕاي ئەوانەش هەندێ لەشاعیرەژنەکان کارەساتی ئەنفالیان کردووەتە مۆتیڤی شیعرەکانیان چەندین تێکستی شیعرییان ئەفراندووە
_سیمایەکی تری شیعرەکانیان ئەوەیە کەکەمتر بایەخیان بەیەکێتی بابەت داوە،چونکە زیاتر ڕوخساریان مەبەست بووە،بۆیەکا لەچنینی شیعرەکاندا ئەوبابەتەی یان تیا نامۆیەوهەندێ هەڵەی ڕێزمانی وزمانەوانی کەوتووەتەنێوتێکستەکانەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوەو پەراوێزەکان

١-کەرکوک وبزاڤی شیعری کوردی. لێکۆڵینەوەوهەڵسەنگاندن ، دمحمداحمدسعید،کوردستان دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی سەردەم،چاپی یەکەم،٢٠٠٧،ل١٥
٢-هەرئەوسەرچاوەیە ،ل١٦
٣-چەندلێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی،بەرامەکانی پاکیزەیی لەشیعری ژناندا د.محەمەدئەحمەدسەعید،ناوەندی ڕۆشنبیریی وئەدەبی وهونەری ئەندێشە،چاپی یەکەم،٢٠١٥ل١٣٥
٤- الادب وفنونە،د.عزالدین اسماعیل ل١٤٤
٥-سیسل دی لویس ،الصورەالشعریە،ت احمدنصیف الجنابی واصدقائە،ل٢١
٦-التطور في الفنون,ج١,ص٨٠یان في نظریةالادب,شکري عزیزالماضي,١٩٨٥,ص١٢٢
٧-مامزێک لەناو،شیعر، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥،چاپی ییکەم، ل٧و٨
٨-کازیوە،شیعری پۆستەر، شێرکۆبێکەس،١٩٧٨،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی
٩-د. احسان عباس,فن الشعر,ط٦,دارالثقافة,بیروت,.لبنان,١٩٧٩,ص٢٣٠
١٠-دیوانی مەهابادقەرەداغی،٢٠١٣ چ ١ هەولێر٢١٣
١١- هەرئەوسەرچاوەیە،هەرئەولاپەڕەیە
١٢-هەرئەوسەرچاوەیە،ل٢١٥
١٣-چنارنامیق لەنێوان قەدەروعیشق دا ،ڕوانینێک لەئەزمونی شیعریی، دکەساس جەباری گ هەرێمی کوردستان،ژ٥٤،ساڵ٢٠١٠،ل٣١
١٤-کۆشیعر،چنارنامیق،دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،٢٠١٦،ل٢٠و٢١
*هێرۆ کوردە هێرۆ سەعید ئەحمەد لەخێزانێکی ڕۆشنبیر لەساڵی ١١٩٩٤/١ لەکەرکوک لەدایک بووە،قۆناغەکانی تاپلەی ماجستێرلەئەدەبدا بڕیوە ئاشنای بەرهەمەکانی نالی ومەحوی وهێمن وشێرکۆبێکەس بووە،کایگەرییان لەسەربووە،هەروەها کاریگەریی شاعیرانی فارسی وەک فەڕوغی فەروغزادوسوهراب سپهری لەسەربووە،
١٥-احمدنصیف الجنابي,الروءیا الشعریةالمعاصرة,کتاب الجماهیر,بغداد ص١٢٨
١٦-سووتانەکانم لەوەرزی فڕین دا،شیعر،هێرۆکوردە،کەرکوک،٢٠٠٧،ل٣٥بێچاپخانە
١٧-دەنووسم یوسف،شیعر ،هێرۆکوردە،٢٠٠٣،چاپخانەی کارۆ،ل٦١و٦٢
(*)کۆچەرئەبوبەکر لەساڵی ١٩٩٥ لەشاری سەقزلەدایکبووە ئێستا لەکەرکوکە لەساڵی٢٠٠٢ ەوەشیعرئەنووسێ،بەشداری چەندین فێستڤاڵی کردووە بەرهەمێکی بەناوی کۆترەکانی باوکم ەوە هەیەخەڵاتی ١٧هەمین فێستڤاڵی گەلاوێژی وەرگرتووەلەبنەچەدا خەڵکی کەرکوکە.
(**) پێشەکی دیوانی کۆترەکانی باوکم ل٦
١٨-کۆترەکانی باوکم.شیعر،کۆچەرئەبوبەکر،چاپخانەی یاد،چ ١،یانەی قەڵەم،٢٠١٣،ل١١
١٩-هۆراس ،هونەری شیعر،١٩٧٩،ل٣٢
٢٠-کۆترەکانی باوکم،ل٣٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢١-هەرئەوسەۆچاوەیە،ل٣٧

(*)شنۆ لەشاری دووزخورماتووی سەربەکەرکوک لەساڵی١٩٨٨ لەدایکێکی عەرەب باوکی کورزد لەدایکبووە،دەرچووی بەشی کوردی زانکۆی کەرکوکە،لەساڵی٢٠١٦ بڕوانامەی ماستەری بەدەسهێناوە، بەکوردی وعەرەبی شیعرولێکۆڵینەوەی هەیە ،سەرسامەبە شیعرەکانی نزارقەبانی،تائێستاش بەردەوامە.

٢٢-موسافیرێک لەڕنگی ئاوبێ ڕەنگتر،شیعر،شنۆئەحمەدغەفور،٢٠٠٩ سەنتەری ڕۆنیا،چاپخانەی ئاسیا،چ١،ل٨٥و٨٦

٢٣-اللغة العليا,النظرية الشعرية,جان كوهين,ترجمةاحمد درويش المجلس الاعلى للثقافة,١٩٩٥,ص١٠

٢٤-دیوانی مەهاباد قەرەداغی ل٤٦١

٢٥-هەرئەوسەرچاوەیەل٤٦٢

٢٦-هەرئەوسەرچاوەیەل٤٩٤و٤٩٥

٢٧-هەرئەوسەرچاوەیەل٥٠٢ و٥٠٣

٢٨-سووتانەکانم لەوەرزی فڕین دا ،هێرۆکوردەل٣٧

٢٩-هەرئەوسەرچاوەیەل٤١

٣٠-هەرئەوسەرچاوەیەل٤٣

٣١-کۆترکانی باوکم ،کۆچەرئەبوبەکرل٢٩و٣٠

٣٢-کۆشیعر،چنارنامیق ل٥٣

٣٣-موسافیریک لەڕەنگی ئاوبێ ڕەنگتر ،شنوئەحمەدغەفور ل٩٥

٣٤-دەنووسم یەسفوهێرۆکوردە ل٨٠

٣٥-مامزێک لەئاو.نەجیبەئەحمەدحەکیم ل٥٣


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ملخص البحث

دورالشاعرات الكورديات في تجديد الحركة الشعرية في كركوك

البحث تحت العنوان المذكور اعلاة ,دراسة وصفية عن نبذةتاريخية للحركة الثقافية والادبية في كركوك,المقصود بالمدينة وجغرافيتها تمثل الوحدةالادارية في سنوات القرن الماضي المتكونة من مركزالمدينة والاقضيةالتابعة لها كاقضية طوزخورماتو وكفري وجمجمال..وفي موضوعناهذا حاولناتسليط الضوء على نتاجات مجموعة من الشاعرات وبالاخص نتاجاتهن الشعرية كجزء من الحركةالشعريةالكوردية وساهمن في تطويرها,والشاعرات هن نجيبةاحمدحكيم ومهابادالقرةداغي وچنارنامق وهيروكوردة وشنواحمدغفور وكۆچەرابوبكر.

تتمحورالدراسة في محورين,الاول كنبذةتاريخية سلطنا الضوء على الحركة الثقافيةوالادبية والشعرية في تلك المدينة.

اما المحور الثاني تناولنا مجموعة نصوص شعرية للشاعرات وتحليلها من الناحية الذاتيةلذاتية الشاعرات والمواضيع النسوية وانعكاس فاجعة الانفال وبعض الرؤى في موضوع وحدة الموضوع


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

### The role of Poetesses in the development of Kirkuki Kurdish Poetry

The approach adopted in this study is an analytic and descriptive one. It is specified to evaluation and analysis of some texts of Kurdish poetesses who are from Kirkuk. In this context, Kirkuk refers to all administrative units that were governed by the Kirkuk Governorate in the last century including the center of some cities and provinces such Chumchamal, Kifry, and Tuzkhurmatu.

The present study is composed of two sections. The first section is devoted to give a brief historical account of Kirkuk city and the status of literature and culture in the city along with the role of poetesses in the Kurdish literature.

Apart from the realistic perspective of the thematic studies of the poems, the second section is devoted to evaluations and analyses of the poems of six Kirkuki poetesses from their subjective and feminístic views of Anfal.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)